www.kurdistannet.org
29-11-2006 9:46بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## بزمارەکانی خالید مەجید فەرەج: کۆمەڵگا

بیرم دێت لە پۆلی چواری سەرەتایی بەدواوە، لەماڵی باپیرم بووم، ئەوکات دۆلابێکی بچوکیان هەبوو، وەیان ڕاستر بڵێم کۆمەدیەکیان هەبوو، پێیان ئەوت مەکتەبە، دووکتێب لەو کتێبانەی کە لەناویا دانرابوون، زۆر خۆش بوون لام، یەکێکیان شانامەی فیردەوسی بوو، کە ئەگەر زاکیرەم باش بیت عەلی باپیر ئاغا (کەمالی) زۆر بە سەلیقەیەکی بەرزەوە بەشیعر تەرجەمەی کوردی کردبوو، و ئەوی تریان چیم دیەکەی خواجە ئەفەنی بوو، هەردوو کیان باسی مێژوویان ئەکرد، شانامە ئەفسانەی لەقاڵبێکی شیعری وا جوان و سەرنج ڕاکێشا هونیبۆوە هەم خوێندنەوەی خۆش بوو هەمیش بۆ لەبەر کردن ئاسان بوو، ئەوی تریان باسی مێژوویەکی نزیکی ئەکرد، کە ڕووداوەکانی سەردەمی شۆڕشی شێخ مەحمود بوو، و خواجا ئەفەنی خۆی تیایا وەکو خوێنەوارێک بەشداری کردبوو. ئەوەی جێگەی سەرنجە، بۆ منی ئەوکاتەی مناڵ هەردوو کیان سەرنج ڕاکێش بوون، لەکاتێکا کە یەکێکیان ئەفسانە بوو، واتا ڕووداوەکانی لەواقیعەوە دوور بوون، ئەوی تریشیان تەواو باسی لە واقیع ئەکرد، ئەوەی وای لەمن کردبوو هەردوکیانم وەکو یەک خۆش بوێ، بەتەنها ئەورووداوانە نەبوو کە لە دوو توێی هەردوو کتێبەکەیا هاتبون، و بەقەولی خۆشەویستانی خۆرهەڵات جالب بوون، بەڵکو تواناى نووسەرەکانیان بوو. ئەوکاتانە خەڵک بە ئاسانی نەئەبوون بە نووسەر، چوونکە لەلایەکەوە ئەم وەسائیلانەی کە ئێستا هەیە بۆ بڵاوکردنەوە نەبوو، لەلایەکی تریشەوە نووسەر ئەبوایە ماوەیەکی زۆر خوێنەرێکی باش بوایە، و دواتر بەختی خۆی لە نووسینا تاقی بکردایەتەوە، ئیتر یا ئەوەتا ناجیح ئەبوو و بەتەواوەتی ئەبوو بە نووسەر، یان فەشەلی ئەهێنا، ناجیح دووجار قازانجی ئەکرد هەم دەبوو بە نووسەر هەمیش ڕۆشنبیرێکی بەرز بوو. ئەوەشی لەنووسینا بەخت ڕووی لێوەر ئەگێرا، یەک قازانجی ئەکرد ڕاستە نە ئەبوو بە نووسەر بەڵام بە واسیتەی خوێندنەوەکەیەوە ڕۆشنبیرێکی باشی لێدەر ئەچوو، واتا مایە پووچ نە ئەبوو، بە پێچەوانەی ئێستاوە کە زۆربەی ئەو خەڵکە پێش ئەوەی بخوێننەوە، بەنووسین دەست پێئەکەن ئەویش لەبەر ئەوەی هەرچیەک بنووسی بڵاو ئەبێتەوە بۆیە بەداخەوە جەهالەت سیمای بەشێکی باش لەو ووتار نووسیانانەیە و خوێنەری ڕۆشنبیر وەیان خوێنەوار ئەوە بەئاسانی لەنووسینی ئەو تەرحە نووسەرانەیا هەست پێ ئەکا. هەر ئەو دەمانەی کە ئەوکتێبانەم ئەخوێندەوە، کتێبێکی تر هەبوو وەیان ڕاستر بڵێم کتێبۆکەیەک هەبوو قسەخۆشەکانی (مەلا نەسردەدین) ی تیا بوو کە لای ئێمەی کورد بە مەلا مەزبوورە مەشهور بوو، هەرچەنە واباوە کە ئەوە شەخسیەتیەکی خورافیە، بەڵام هەندێکیش ئەڵێن نا هەبووە، و لەسەر دەمی تەیمور لەنگا ژیاوە. بەهەر حاڵ سەربووردەکانی ئەوو هەندێک جار قسە خۆشەکانی خاڵە ڕەجەب بۆ پێکەنین لەلایەن گەورەکانەکاوە بۆ گەرم کردنی مەجلیس ئەهێنرانەوە. منیش لەبەر ئەوەی کە بە فیترەت حەزم لە قسەی خۆش بوو چەند جارێک کتێبۆکەکەی مەلا نەسرەدینم لە بەرگەوە بۆ بەرگ خوێنبۆوە. دواتر چووینە قۆناغێکی تر لە خوێندن بەهۆی حەسەنی قزلجی و زۆر لە ڕۆشنفکرانی حەقیقی تری کورد، کە بڕوا ناکەم جێگەیان بەئاسانی پڕ ببێتەوە، دوو جۆر لە تەنزم خوێندەوە یەکێکیان پێکەنینی گەدا کە قزلجی نووسیبووی ئەوی تریان چیرۆکەکانی عەزیز نەسین کە بەڕاستی نمونەی (تەنز) ی بەرز بوون و پەیامێکی کۆمەڵایەتی وسیاسیان لە بەرگێکی ڕۆح سووکی نوکتە ئامێزا ئەخستە بەر چاوی خوێنەر، هەر بە بەهەمان شێوە لای عارەب و فارس زمانیش ئەو تەرحە نووسینانە هەبوون، کە دواتر خوێندمنەوە، بەڵام بەداخەوە درەنگ هاتنە ناو نووسینی کوردیەوە. کاتێک کە عەزیز نەسین باس لە حەمامی ئاپارتمانەکەیان ئەکا کە خەسو و ژنەکەی پێی ئەڵێن هینی داوسێکەیان چەندسانتیمێک لەمەی ئەمان بەرز ترە، و هەمان پارەشیان داوە، و بۆچی ئەو ناهەقیە، ئەویش بۆ ئەوەی بزانێ ڕاستە وایە، ڕۆژێک بە بیانووی دێنیەوە

ئەچنە ماڵی دراوسێکەیان، لەبەر ئەوەی عەزیز باڵای کورت ئەبێ خەسووەکەی ئەڵێ من دێمە تەوالێتەکە وەرە سەر شانم، و ئەوجا لە سەقفەکەوە مەترەکە بگرە، و ئیتر ئەکەوێتە خوارەوە، و خەڵکەکە بەر ئەبنە تف و نەعلەتی، ئەڵێن بێشەرەف کەس نەما خەسوت نەبێ لە تەوالێتی ماڵە دراوسێکەتا پەلاماری بدەیت! عەزیز نەسین ئەم بەسەر هاتەی ئەگەر بەزمانێکی سادە واتا بەوزمانەی کە خەڵک لەژیانی ڕۆژانەیانا بەکاری دێنن، نەنوسیایە هەرگیز نە ئەبوو بە تەنز، کەواتە سڕی داهێنانەکەی عەزیز نەسین لەو ستایڵەدایە. سەرتان نەئێشێنم بابچینەوە لای ناونیشانی ئەم بزمارە، شەوێک لە شوێنێک بووم گوێم لێبوو، کەسێک بە حەماسێکی نا ئاساییەوە ڕەخنەی ئەوەی هەبوو، کە لە سلێمانی پەیکەری گایەکیان لە یەکێک لە شوێنە گشتیەکان داناوە، ئەی ووت باشە بەڕێزان هیچ نەما گا نەبێ! ووتم کاکی برا بۆ گا چێتی؟ ووتی جا چی نیە؟ ووتم ئەزانی ئەگەر ئەو ڕەخنەیەت لە هیندستان ئاڕاستەی پەیکەرتاشێکی هیندوسی بکردایە، زۆر زۆر لەسەرت ئەکەوت، ووتی چۆن ووتم نازانی گا لای ئەوان موقەدەسە؟ ووتی ئێ بەڕەحمەت بی خۆ ئێمە لە هیندستان ناژین، ووتم ئەوەش ڕاستە، بەلاَم تۆش نازانی کە گا لای ئێمەش ئەوەتەی دوو گوێی لێ ڕواوە خزمەتمان ئەکا، خۆ ئەبێ ئێمەش وەکو وەفایەک ئەوەمان لەبەر چاومان بێت، تۆ سەیرکە هەتا جووتی پێ ئەکەین پێی ئەکەین، پاشانیش گۆشتەکەی ئەخۆین و پێستەکەشی ئەبەین بۆ دەبا خانە، و تەپاڵەکەیشی ئەسوتێنین، واتا شوێنێکی نیە بێ ئیستیفادە بێ، کەواتە ئەو پەیکەرەی لێ پیرۆز بێت. لەم ڕۆژانەیا یەکێک لەوانەی کە لای سەرووەوە باسم لێکردن کەهەر ئەنووسن و بەلاَم نازانن خوێندنەوە بەری بە کوێوە دوای هێرشێکی بێ سەورو بەر ئەڵێ مەڵێ کۆمەڵگا بڵێ کۆمەڵگە چوونکە ئەوەی یەکەمیان ئەبێت بە کۆی گا لەدڵی خۆما ووتم مەعلوم گا هەر گایە بەلاَم بڵێی لەگەڵ کۆمەڵیش هەر بە گایی بمێنێتەوە؟ هیچ زەرەر ناکەین بابزانین چۆنە... ووشەی کۆمەڵە لێرەیا لەگەڵ پاشکۆی گا پێکەوە ووشەیەکی لێکدراوی تازەیان دروست کردووە کە (مجتمع) ی عارەبی ئەگرێتەوە، بێگوومان ئەگەر کەسێک بێت و وەکو فێربوونی سەردەمی حوجرە حونجەی کا، واتا بەجیا جیا بخوێنێتەوە نەک هەر نیوەی دووەمی دەبێتە گا کە ئاژەڵە بەڵکو سەر لەبەری ووشەکە ئاوای لێدێ، (.. ک.. ۆ، کۆ.. م، کۆم!.. ە، کۆمە.. ڵ کۆمەڵ.. گا، کۆمەڵگا) کەواتە کۆم یش بە تەنیا شتێکی خراپتر لە گا ئەگەێنێ) . خۆ ئەگەر هەر بەگاییش بمێنێتەوە ئەوەش عەیب و عار نیە چوونکە ئەو ئاژەڵە ئیستیفادەی لەزەرەری گەلێک زیاترە، بەلاَم بە داخەوە لای ئێمە هەمیشە تەشبیهی گا بەبارە سلبیەکەیا کراوە، کە ئەڵێن سەیریکە ئەڵێی گایە مەبەستیان لەوەیە هەست و شعوری نیە کە ئەکەوێتە شوێنێکەو هەمووی ئەشێلێ بۆ نمونە ناو حەدیقە ئەوەش ڕاستە، بەلاَم توخوا هەندێک لەو خەڵکانەی ئێمە کە بە بەشەر خۆیان ناونوس کردووە ئەفعال و نووسینەکانیان لە ئەفعال و نووسینی ئەوگایە ناچێ کە پێمان شەرمە بیخەینە ڕیزی ئینسانەوە.